# دیمەنە دڵتەزینەکانی گوندی گۆپتەپە

**ئامادەکردنی : هیمن عبداللە**

**گۆرستانی شەهیدان:**

**گۆرستانی شەهیدانی کیمیابارانی دلگیرترین شوێنی گوندەکەی داگیرکردووە، بەرزاییەکە بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوانێ و گۆپتە پە لەخوارییەوە دیمەنێکی تراژیدیا دەنوێنێ، لە پشتیشەوە بەسەر دیمەنی زێ و چەمو ئاوەکەی دامێنی گوندی گۆپتە پەدا دەڕوانێ، گۆرستانەکە ئێستا ئارامگای**






**تەرمی نزیکەی 200 قوربانی لەخۆ گرتووە بەشێوەیەکی ئەندازەیی کێلەکانیان قوتکراوەتەوەو ڕەنگی سپی کراون، ڕۆژانە منداڵان لەسەر گۆرستانەکە سەرگەرمی یاریکردنن، هەموو ساڵێك لەیادی کیمیابارانی ئەو گوندەدا خەڵکی وەك ڕێزلێنانێك دەچنە سەری و پاش فاتحا خوێندنێك دەگەڕێنەوە.**

# حەوزی مزگەوتی گەورە:





بەبیری کێدا دەهات حەوزی مزگەوتی گەورە ببێتە گۆرستانی ئەو گە نجانەی ئێواران لەبن دیوارەکانی خەریکی قسەی خۆیان بوون و هەندێك جارقریوەیان سەمفۆنیایەکی تاییەتی دە بخشیە کچانی گوند،کێ بەبیریدا دەهات ببێتە گۆرستانی ئەو پیاوانەی سێ فەرزە دەستنوێژیان لێهەڵدەگرت و لەسەر تاتی مزگەوت دەپارانەوە یەزدان لە گوناهەکانیان خۆش بێت، ئەم حەوزە کە ئاوێکی شۆری هەیەو بۆ خواردنەوە دەست نادات، کەچی یادەوەریی ستەمکارییەکی گەورەی لەگەڵ خۆی بۆ ڕۆژگار هێشتووەتەوە، لەساڵانی هەشتاکاندا حەوزی مزگەوتی گەورەی گوندی گۆپتە پە بووە.

لەئێوارەی 3ی ئایاردا کە رژێمی بەعس بۆمبە کیمیاویەکانی بە گوندی گۆپتە پەدادا، وەك دەربازبووەکان دەڵێن ئاوایی بووە قیامەت و ڕۆژی حەشر، قوربانیەکا لەهەڵپەی دۆزینەوەی ئاوادابوون بۆ ئەوەی لە کاریگەری چەکی کیمیاوی خۆیان بپارێزن، هەندێك کەس بەناچاری پەنایان بردووەتە بەر ئاوە شۆرەکەی حەوزی مزگەوتی گەورەی گوند، بەڵام هەر ئەو چوونەبووەو نەگەڕابوونەوەو کەس بەجۆری گیانکێشانیانی نەزانیبوو، تا ساڵی لەساڵی 1993 خەڵکی گوندەکە لەکاتی بێئاویدا بەناچاری چون پەنایان بردووەتە بەرئەو ئاوە شۆرەو حەوزەکەیان هەڵداوەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی خەلکی گۆپتە پە لەساڵی 1993 بەدواوەوە کە گەراونەتەوە سەر زیدی خۆیان لەبەر بێئاوی بەنیازی سود وەرگرتن لەو ئاوە شۆرە چوون، ئەم کانیە پاك بکەنەوە بەمەبەستی دەرهێنانی ئاوی ئەم حەوزە تەنها بۆ خۆپاککردنەوەو دەستوێژ گرتن، کەچی لەکاتی پاککردنەوەدا روبەرووی تراژیدیاك بوونەوە ئەوە بوو کە (10) تەرمی قوربانیانی بۆردومانی گازی کیمیاوی ئێوارەی 1988/5/3 بوون، لەوانە یەکێکیان تەرمی (عومەر) کوڕەکەی حاجی محمەد عەلی گۆپتە پەبووە، دواتر هەموویان لەگۆرستانی شەهیدانی گۆپتە پە پە نێژراونەتەوە.

## ئازادی و خانـــــــــــووە روخـــــــــاوەکانی گۆپتە پە

دیمەنی شوێن بناغەو خانووەکۆنەکانی گۆپتە پە نیشانەی وێرانی و روداوە تراژیدیاکانی ڕابوردووی ئەم گوندەن، بەتایبەتی ئەو خانووانەی کەسیان بەزیندوویی نەماوەتەوە هەتا ئاوەدانی بکاتەوەو هێشتا دارو پەردووی بەسەریەکدا کەوتووی دوای ئەنفالن. لەتەنیشت ئەوخانووەی گە نجانی گۆپتە پە کردوویانەتە کتێبخانە شوینخانوویەکی

رووخێنراو هەیە ماڵی خانەوادەیەك بوون کەسیان لە ئەنفال دەربازنەبوون، بۆیە هەروا بە رووخاوی ماوەتەوە.

شوێنی ئەو خانووانە هێشتا دەشێ شوێنی دنیایەك یادەوەری تاڵو شیرین بن، هێشتا دەشێ کاریان لەسەربکەین بۆ زیندووبوونەوە بۆ ئەخلاقی مرۆڤایەتی، بۆ ژیانو بۆ ئایندەیەکی ئینسانی .

